# ئیستاتیکای لادانی زمانیی لە کۆشیعری (ژەنەراڵی خۆشەویستی)ی محەمەد کوردۆدا

**ئاسۆ عومەر مستەفا**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی چەرمۆو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** aso.omar@charmouniversity.org

## پوختە:

ئیستاتیکا ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرە، بەدرێژایی مێژوو شاعیران گرنگیان بەم ڕەگەزە داوە و لەپێناو بەرجەستەکردنی ئەم ڕەگەزەشدا هەموو هەوڵێکی خۆیان داوە، هەندێک لە ڕەخنەگرانیش گرنگیان بە ئیستاتیکا داوە لە هەڵسەنگاندنی دەقی شیعریدا. لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکەمان (ئیستاتیکای لادانی زمانیی لە کۆشیعری ژەنەراڵی خۆشەویستیی محەمەد کوردۆدا)یە، هەوڵدەدات ئەو لادانە زمانییانە بخاتەڕوو کە ئیستاتیکای شیعرەکانیان بەرجەستەکردووە.

توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێکدێت: تەوەری یەکەم (ئیستاتیکای لادانی شیعریی) گفتوگۆی هەریەک لە چەمکەکانی شیعر و زمان و لادان و پەیوەندییان بە پێکهێنانی ئیستاتیکای دەقەوە دەکات. تەوەری دووەم (ئیستاتیکای ناونیشان) لەم تەوەرەدا باس لە ئیستاتیکای ئەو ناونیشانانە دەکرێت کە لەڕێگەی لادانەوە پێکهێنراون. تەوەری سێیەم (ئیستاتیکای لادانی زمانی) لادانە زمانییەکان و ئەو ڕەهەندە ئیستاتیکیانەی پێکیان هێناوە لە دەقە شیعرییەکاندا خراوەتەڕوو.

ئەنجامەکانیش لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێک خراونەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان

**کلیلە وشەکان:** ئیستاتیکا، جوانی، لادان، لادانی زمانی، لادانی وشەیی، لابردن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## پێشەکی:

ئیستاتیکا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی و پێویستە ئامانجی سەرەکی دەقی شیعری پێشکەشکردنی جوانی و گەیاندنی چێژوخۆشی بێت، یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهێنانی ئەم ئیستاتیکایە زمانە، شاعیر لە ڕێگای لادان و گەمە زمانەوانییەکانەوە ئەو چێژ و جوانییە بەرجەستە دەکات، کە دەبێتە جەوهەر و بەهای دەق و ئاستی هونەری دەقەکە بەرز دەکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە کە توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (ئیستاتیکای لادانی زمانیی لە کۆشیعری ژەنەراڵی خۆشەویستیی محەمەد کوردۆدا)یە، هەوڵدەدات ئەو جوانی و ئیستاتیکایە ئاشکرا بکات کە لەم کۆمەڵە شیعرەدا هەیە و دەبێتە هەوڵی دەستپێک بۆ کارکردن لە گۆشەنیگای ئیستاتیکای لادانی زمانییەوە لەم کۆمەڵە شیعرەدا. توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاریی ئەنجام دراوە

توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێکدێت: تەوەری یەکەم (ئیستاتیکای لادانی شیعریی) بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆی هەریەک لە چەمکەکانی شیعر و ئیستاتیکا و زمان و لادان و پەیوەندییان بە پێکهێنانی ئیستاتیکای دەقەوە دەکات. تەوەری دووەم (ئیستاتیکای ناونیشان) لەم تەوەرەدا باس لە ئیستاتیکای ئەو ناونیشانانە دەکرێت کە لەڕێگەی لادانەوە پێکهێنراون. تەوەری سێیەم (ئیستاتیکای لادانی زمانی) لادانە زمانییەکان و ئەو ڕەهەندە ئیستاتیکیانەی پێکیان هێناوە لە دەقە شیعرییەکاندا خراوەتەڕوو.

ئەنجامەکانیش لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێک خراونەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

## تەوەری یەکەم (ئیستاتیکای لادانی شیعریی)

شیعر لادانە لە باو، لادانە لە زمانی ئاسایی. شاعیر دەبێت جیهانبینییەکی فراوانی هەبێت و لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە ژیان ببینێت و گوزارشتی لێ بکات، شیعر دەبێ شتی تازە و نوێمان پێ ببەخشێت، تا بتوانێت لە هزر و بیرماندا بمێنێتەوە. شیعر پێویستە وێنەیەکی هێندە جوانمان پێشکەش بکات چاوانمان نەیان بینیبێت، ئاوازێکی هێندە خۆشمان بۆ بژەنێت گوێیەکانمان نەیان بیستبێت، بۆنێکی وامان بەڕوودا بپرژێنێت، کە هەرگیز بۆنمان نەکردبێت، چێژێکی ئەوەندە تایبەتمان پێ ببەخشێت، کە بمان گەیەنێتە لوتکەی مەستبوون. شیعر بەبێ پێشکەشکردنی جوانی هەرچییەک بێت؛ شیعر نییە، پێویستە هەموو شیعرێک شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، تاوەکو بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئیستاتیکایەکی وەهای تێدابێت نەمریی پێ ببەخشێت.

شاعیر پێویستە خاوەن ئەزموونێکی فراوانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ژیاریی بێت بۆئەوەی بتوانێت شیعرەکانی بەشێوەیەکی هونەریی جوان پێشکەش بە پەیامەوەرگران بکات، چونکە ناکرێت ئەزموونی ئەدەبی شاعیر لە سنووری گەڕەکەکەی یاخود شار و وڵاتەکەی تێپەڕ نەکات و چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکەین شیعری دەوڵەمەند و ئاستبەرز و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

ئیستاتیکیمان پێشکەش بکات. شیعری ساکار کە تەنها ڕووکەشی شتەکانمان بۆ دەگوێزێتەوە، ڕووناکیی و بۆن و بەرامەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام نابێت و ناگاتە مەنزڵ و لە نیوەی ڕێگەدا نووشست دەهێنێت.

شاعیر پێویستە جیهانێکی نوێی جیاواز و پڕ لە جوانی و ڕازاوەمان پێ ئاشنا بکات و دەروونمان ئاسوودە بکات. یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئەم جوانی و ئیستاتیکیایە لادانە، بەتایبەتی لادانی زمانیی، شاعیر دەبێت مامەڵەیەکی ناباو لەگەڵ زماندا بکات و زمان تێکبشکێنێت و سەرلەنوێ بەشێوازی تایبەتی خۆی بنیادی بنێتەوە، چونکە پێویستە لە شیعردا پەیوەندی نێوان دانەکانی زمان و شوێنی بەکارهێنانیان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان جیاوازبێت لە زمانی ئاسایی، هەر ئەمەشە وامان لێ دەکات شیعرێکی نوێی پڕ لە چێژ و جوانی ببینین و ببیستین. هەندێک جاریش لادانەکان لە پێناو بەرجەستەکردنی ڕەهەندی ئاوازیدا دەبێت و وا دەکات شیعرەکە خاوەن ڕیتم و ئاوازێکی ناوازە و سەرنجڕاکێش بێت، چونکە لە کۆتاییدا ڕیتم و ئاواز بەشێکی سەرەکیین لە پێکهاتەی ئیستاتیکی شیعر و هەندێکجار گیانی ڕەسەنی شیعر پێکدەهێنن.

دەقی نەمر و زیندوو ئەو دەقەیە لە پێشکەشکردنی جوانی و ئیستاتیکادا لە لوتکەدا بێت و خاوەنی لادانەکان بێت ((لە پێناو کاریگەری شوێنکات و جوانی و مەودای دەلالی و دروستکردنی توانای نوێ و گەڕانە بەدوای پەیوەندییەکانی مانا و شێوازە شیعرییەکانی ئەدەب بۆ زەمەنی ئێستا یان ئاینده))(عەبدلقادر حەمەئەمین محەمەد، ٢٠٠٨، ل١٦٠) بەجۆرێک چەندین نهێنی و کەلێنی لەخۆ گرتبێت و ڕەمز و هێماکانی سەرسامان بکات و چێژێکی وای تێدابێت، کە سنوور و سەردەمەکان ببڕێت و جوانی و ڕازاوەییەکەی لەدەست نەدات.

لادان بەکارهێنانێکی داهێنەرانەی زمانە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمانی شیعر و بارگاویکردنی بەچەندین ڕەهەندی قوڵی واتایی، کە بوار بە پەیاموەرگران دەدات خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقەکە بکەن و ببن بە بەشێک لە دەق و لە گۆشەنیگای خۆیانەوە ڕاز و نهێنی و جوانییەکانی دەقەکە ئاشکرا بکەن. لادانەکان کۆمەڵێک کەلێنی واتایی دروست دەکەن کە وا لە پەیاموەرگر دەکەن لەپێناو پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە و تێگەیشتن لە دەقەکە، تا کۆتایی لەگەڵ دەقەکەدا بڕوات و چەندینجار دەقەکە بخوێنێتەوە. هەر بۆیە ((شیعرییەتی لادان ئەو گرنگی پێدانە پێشوەختەی هونەری تەشکیلی زمانییە دەخاتەڕوو؛ بەو پێیەی دەچێتە ناوجەرگەی جوانییەکانیەوە، کە تەنها لادان لە بنەماکان تێدەپەڕێنێت بۆ داهێنانی ئاستەکانی پێکهاتەکەی، بەمەش ئەزموونی وەرگر بە دەق و چنینە تازەکەی نوێ دەکاتەوە، و گونجانێکی نوێ لە نێوان وشەکان دروست دەکات و دەیگوازێتەوە لە سیاقێکی پێکهاتەیی باو (مألوف)ەوە بۆ سیاقێکی جیاواز، کە تێیدا دووبارە ڕستەکان ڕێکبخاتەوە، بە شێوەیەک کە سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێت ))(خلیجە جلودی و عائشە دریدی، ٢٠١٦ ، ٢٢)

زمان لەشیعری نوێدا دەبێت پڕبێت لە لادان و هونەرکاریی و جیاوازبێت لە زمانی ئاسایی. زمانی شیعریی بەشێوەیەکی گشتیی لە شیعری نوێدا ((لادانی ئاخاوتنە لە شێوازە باوەکەی، ڕووداوێکی زمانییە لە پێکهێنان و داڕشتنی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

ئاخاوتندا دەردەکەوێت، کە دەتوانین بەهۆیەوە سروشتی شێوازی ئەدەبی بناسینەوە، تەنانەت دەتوانین لادان بە خودی شێوازی ئەدەبی دابنێین))( نور الدين السد، الأسلوبية وتحليل الخطاب، ج١، ١٧٩)

لادانی زمانی ڕەگەزی سەرەکیی جیاکەرەوەی نێوان زمانی ئاخاوتنی ئاسایی خەڵک و زمانی شیعرییە، چونکە ((ڕێزمان یاساکانی زمان ڕێکدەخات و زانستی شێوازیش [لادان] تواناکانی زمانی و یاساکانی دەستەبەردەکات و بەکاریان دەهێنێت بە مەبەستی دروستکردنی دەقێکی هونەری دەوڵەمەند بە شێوازی جوان و بەرز و سەرنجڕاکێش))(عەبدوڵڵا خزر حەمەد، ٢٠١٨، ١٦٥-١٦٦)

## تەوەری دووەم (ئیستاتیکای ناونیشان)

ناونیشان دەروازەی چوونە ناو دەق و کلیلی کردنەوەی دەرگای دەقە، بەپێی شوێنە جوگرافییەکەی، کە هەمیشە لە سەرەتای دەقەوە دێت گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم دەروازەیە هەرچەند جوان و ڕازاوەبێت و هونەرکاریی تێدا ئەنجام درابێت، ئەوەندە زیاتر دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و هانی دەدات بۆ خوێندنەوەی دەقەکە. لە شیعری هاوچەرخیشدا ناونیشان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهێنانی دەقی شیعری و خاڵی دەستپێکی بەیەکگەیشتنی نێوان خوێنەر و شیعرە و ((ئەو منداڵدانەیە کە زۆربەی دەلالەتەکانی دەقی لێوە لە دایک دەبن))(فوئاد ڕەشید، ٢٠٠٧، ٦٣) هەربۆیە سەرنجڕاکێشیی و ناوازەیی ناونیشان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خوێنەر دەبێت، چونکە تاچەند ناونیشان سەرنجڕاکێش و جوان بێت، ئەوەندە زیاتر وا لە خوێنەر دەکات بەرهەمەکە بخوێنێتەوە و لەگەڵی بەردەوام بێت.

محەمەد کوردۆ لە دیوانی (ژەنەڕاڵی خۆشەویستیی)* دا گرنگییەکی زۆری بە ئیستاتیکای ناونیشان داوە و بەشێوازێکی هونەریی و بە ئاگاییەوە ناونیشانی بۆ کۆشیعرییەکە و بۆ بەشێک لە شیعرەکانیش هەڵبژاردووە، کە ئەمەش جوانی و ناوازەییەکی تایبەتیی بە دیوانەکە بەخشیوە. ئەگەر سەیری ناوی کۆشیعرەکە (ژەنەڕاڵی خۆشەویستیی) بکەین، دەبینین لەڕێگەی لادانەوە تایبەتمەندی ئیستاتیکی بۆ خواستووە و سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت، چونکە وشەی (ژەنەڕاڵ) لە بنەڕەتدا پلەیەکی بەرزی سەربازییە، بەڵام شاعیر خواستوویەتی بۆ کەسێک کە لە خۆشەویستیدا قاڵ بووەتەوە و سەرجەم پلەکانی عیشقی بڕیوە، تا گەیشتووە بەم پلە بەرزە. هەروەها بە نادیاریش هاتووە، واتا دەشێت ئەو کەسە من یان تۆ یان شاعیر یاخود هەر کەسێک بێت، کە ئەو ئەزموونەی تاقیکردبێتەوە، بەمەش لادانێکی

* شاعیر لەم ناونیشانەدا سوودی لە شیعری (ژەنەراڵی پایز)ی شاعیر (محەمەد عومەر عوسمان) وەرگرتووە، لە دەقی شیعرەکەدا بە دەقئاوێزانێکی جوان ئاماژەی پێکردووە. بڕوانە: محەمەد کوردۆ(٢٠٠٨)، ژەنەراڵی خۆشەویستی، ل ٢٨ ــ ٢٩.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

واتایی جوانی دروستکردووە و ناونیشانەکەشی جوانتر و سەرنجراکێش کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەهەندێکی مۆسیقیی بە ناونیشانەکە بەخشیووە، کە ئەمەش ئەوەندەی تر داهێنانی ناونیشانەکەی هونەریانە کردووە.

شاعیر هەمان مامەڵەی ئیستاتیکیانەی لەگەڵ زۆربەی ناونیشانی شیعرەکانی ناو کۆشیعرەکەش کردووە، بۆ نموونە: (بۆنی بەختەوەری)، (ژنێکی باڵدار)(ل٤٨)، (ژنێک لە ڕووناکی)(ل٥٥)، (لە چاوەڕوانی هەڵوەریندا)(ل٩٤)، (دەستی خۆم دەدەمە دەستی ڕێگایەک)(ل٦٨)، (ژنێک با پرچی تاتا دەکاتەوە)(ل١٠)، (ژنێک کە دەمزانی ئێوارانێک دێت)(ل١٤)، (ژنێک کە نەمدەزانی کێ بوو)(ل١٧)،... کاتێک سەیری ئەم ناونیشانانە دەکەین هەست بەو جوانی و ڕازاوەییە دەکەین، کە شاعیر بە گرنگییەوە پێکی هێناوە، چونکە هەر یەکێکیان لەو وشانە پێکهاتوون کە لە فەرهەنگی زمانەکەماندا هەن، بەڵام ناوازەییان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان و ئەو هارمۆنییەتەی شاعیر لەنێوان وشەکاندا دروستی کردووە؛ وای کردووە ڕەهەندێکی ئیستاتیکی و واتایی قووڵ ببەخشن و سەرنجی پەیامەوەرگران بۆ خۆیان ڕابکێشن. بۆ نمونە:

ناونیشانەکانی (بۆنی بەختەوەریی) و (ژنێکی باڵدار) گرێی زمانیین لە دوو وشە پێکهاتوون؛ کە ئەم وشانە لە زمانی ئاساییدا لەگەڵ یەکدا نایەن، سەبارەت بە (بۆنی بەختەوەری) وشەی (بۆن) تایبەتە بەشتە بۆندارەکان کە لەڕێگەی هەستی بۆنکردنەوە (لوت) هەستیان پێ دەکەین، (بەختەوەری) وشەیەکی زەینییە و مرۆڤ ناتوانێت بە هەستەکانی هەستی پێ بکات، شاعیر بە لێکدانی ئەم دوو وشەیە لەڕێگەی لادانی زمانییەوە گرێیەکی دروستکردووە، کە خاوەن جوانی و واتایەکی قووڵە و سەرنجراکێشیشە، هەروەها خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم گرێیە هەست بە ئارامی ڕووح دەکات و بۆنێکی خۆش ڕووحی ئاوپرژێن دەکات، ئەگەرچی لەم گرێیەدا ئەوە نەهاتووە، کە ئەم بۆنە خۆشە یان ناخۆشە، بەڵام بە ڕامان لە گرێ زمانییەکە و ئەو ڕەهەندە مۆسیقییەی کە هەیەتی (٢+٤) بڕگەیە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە لەگەڵ بەختەوەرییدا هاتووە، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ئەو بۆنە بۆنێکی خۆش و سەرنجراکێشە و دەروونی مرۆڤ پێی ئارام دەبێتەوە. هەروەها (ژنێکی باڵدار)یش گرێیەکە لە ڕێگەی لادانی زمانییەوە دروستکراوە (ژن) یەکێکە لە دوو ڕەگەزەکانی مرۆڤ کە خاوەن تایبەتمەندی ناسکی و جوانییە، لەگەڵیدا ئامرازی نەناسیاری (ێک) هاتووە، کە دەکرێت هەر ژنێک بێت، وشەی (باڵدار)یش تایبەتە بەو گیاندارانەی خاوەن (باڵ)ن و توانای فڕینیان هەیە، (ژنێکی باڵدار) واتە ئەو ژنەی توانای فڕینی هەیە، توانای هەیە چوارچێوەی سنوری کۆمەڵایەتی ببەزێنێت و لە ئاسمانی پان و بەریندا بە ئازادی بۆ هەرکوێ بفڕێت.

ناونیشانەکانی(ژنێک لە ڕووناکی)(ل٥٥)، (لە چاوەڕوانی هەڵوەریندا)(ل٩٤)، (دەستی خۆم دەدەمە دەستی ڕێگایەک)(ل٦٨)، لەڕێگەی لادانەوە جوانی و واتای قووڵیان تێدا بەرجەستەکراوە. ژنێک لە ڕووناکی لادانێکی واتایی تێدا کراوە و ڕووناکی تایبەتمەندی ئەو شتانەن کە ڕووناکی بەخشن و مرۆڤ ئەم تایبەتمەندییەی نییە، بەڵام ژنێک لە ڕووناکی دەکرێت ژنێک بێت کە جوانی و میهرەبانی و عیشق و خۆشەویستی ببەخشێت، ژنێکی ڕووناکبیر بێت و هۆشیاری بڵاوبکاتەوە و ببێتە ڕووناکی بۆ کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی. (لە چاوەڕوانی هەڵوەریندا) هەڵوەرین بەگشتیی تایبەتمەندیی دار و درەختە، کە لە پایزاندا گەڵاکان دەوەرن و کەشێکی خەمبارانەی هونەری و شاعیرانە دروست


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

دەکەن، بەڵام دەکرێت لێرەدا مەبەست لە هەڵوەرین: مرۆڤێک، یان عیشقیک، یان خۆشەویستییەک، یان هەر شتێکی دیکە بێت، هەر ئەم فراوانی و قوڵی واتایەش ناونیشانەکەی جوانتر کردووە. (دەستی خۆم دەدەمە دەستی ڕێگایەک) بەخشینی دەست بە ڕێگا لادانی واتاییە، کە جوانی بە ناونیشانەکە بەخشیوەو واتاکەی فراوان کردووە.

هەرچی ناونیشانەکانی (ژنێک با پرچی تاتا دەکاتەوە)، (ژنێک کە دەمزانی ئێوارانێک دێت)، (ژنێک کە نەمدەزانی کێ بوو)، شاعیر بە پێشخستنی وشەی (ژن) لادانی لە شێوازی باوی ڕستەی زمانی کوردی کردووە، کە ڕستەکان لە بنەڕەتدا بەم شێوەیەن:

| | |
|---|---|
| با پرچی ژنێک تاتا دەکاتەوە | ژنێک با پرچی تاتا دەکاتەوە |
| من دەمزانی کە ژنێک ئێوارانێک دێت | ژنێک کە دەمزانی ئێوارانێک دێت |
| من نەمدەزانی ژنێک کە کێ بوو | ژنێک کە نەمدەزانی کێ بوو |

ئەم هونەرکارییە و جەختکردنەوە لەسەر وشەی (ژن) بە مەبەستی بەخشینی ئاماژەی واتایی و ئیستاتیکییە بە ناونیشانەکە، هەروەها دووبارە نادیاری (ژن)ەکە بە ئامرازی نەناسیاری (ێک) ئەوەندەی تر ڕەهەندە واتاییەکەی قووڵ کردووەتەوە و بەمەش جوانییەکی زیاتری پێ بەخشیووە و سەرنجڕاکێش تری کردووە.

هەروەها ئەو ڕەهەندە مۆسیقییەی لەم ناو نیشانانەدا هەن بوونەتە ڕەگەزێکی دیکەی پێکهێنانی جوانیی ناونیشانەکان، کە بەم شێوەیەن:

ژنێک + با + پرچی تاتا دەکاتەوە ٢ + ١ + ٨

ژنێک + کە دەمزانی + ئێوارانێک دێت ٢ + ٤ + ٥

ژنێک + کە نەمدەزانی + کێ بوو ٢ + ٥ + ٢

شاعیر بە شێوازێکی جیاواز ئاوازی ناونیشانەکانی پێکهێناوە، کە مرۆڤ لەگەڵ خوێندنەوەیدا هەستی پێدەکات و چێژی لێ وەردەگرێت، ئەمەش هێندەی تر ئیستاتیکای ناونیشانەکانی بڵند کردووە. هەربۆیە دەتوانین بڵێین: شاعیر بە ئاگاییەوە ناونیشانی بۆ (کۆمەڵە شیعرەکە) و زۆربەی شیعرەکان هەڵبژاردووە، لە ڕێگەی لادانەوە ئاستی هونەری ناونیشانەکانی بەرز کردووەتەوە و ڕەهەندی قووڵی واتایی و ئیستاتیکی پێ بەخشیوون، تەنانەت ئەو ناونیشانانەش کە لادانی زمانییان تێدا نییە هەر سەنجڕاکێشن و جوانی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، وەکو: (تا ڕۆژی حەشر چاوەڕوانی لێبووردنی تۆم)(ل٨)، (دڵی ژنێکی تەنیا)(ل٥٠)، (ئەوانەی شەو بەبێ عیشق سەردەنێنەوە)(ل٨٥)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

## تەوەری سێیەم (ئیستاتیکای لادانی زمانی)

لادانی زمانیی بریتییە لە لادان لە یاسا و ڕێساکانی زمانی ئاسایی، یەکێکە لەو بنەما هونەریانەی دەقی شیعریی، کە دەبێتە ڕەگەزێکی گرنگی داهێنان و جوانکاریی لە دەقی شیعرییدا. شاعیر بەمەبەست و زۆر بە وریاییەوە ئەم لادانە ئەنجام دەدات و لەم ڕێگەیەوە جگە لەوەی ڕەهەندێکی ئیستاتیکیی بە دەقەکەی دەبەخشێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەهەندێکی قوڵیی واتاییش بە دەقەکەی دەبەخشێت. هەروەها پێویستە ئەوەش بزانین، کە جیاوازی لەنێوان لادانی زمانی و هەڵەی زمانیدا هەیە ((یەکێکیان بە دەست شاعیرەکە خۆیەتی و لەژێر دەسەڵاتیدایە و بۆ مەبەستیک هێناونی – داهێنان – ئەوی تریان لەڕووی نەزانین و گوێ نەدان و هەڵەشەییەوە پەیدا دەبێ، داهێنان دیاردەیەکی ئیجابی پڕ مەبەستە، بەڵام هەڵە دیاردەیەکی سەلبییە، کە لەسەر شاعیر دەکەوێ و جیاکردنەوەیان پەیوەندی بە جۆری بەکارهینان و کەڵک لێوەرگرتنەوە هەیە))(دلێر سادق کانەبی، ٢٠٠٩، ٢٨-٢٩ )

یەکێک لەو لادانە زمانیانەی شاعیر لەسەر ئاستی وشەسازی گرنگی پێداوە، بەکارهێنانی وشەی (دڵنشین)ە. شاعیر ئەم دەستەواژەیەی لە (٨) شوێنی جیاوازدا بەکارهێناوە، کە ئەمەش نیشانەی گرنگی پێدانی شاعیر دەردەخات بۆ ئەم وشەیە.

وشەی (دڵنشین) لە وشەی سەربەخۆی (دڵ) و وشەی (نشین) پێکهاتووە. (دڵ) ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە و مەڵبەندی هەست وسۆز و عیشق و خۆشەویستییە، (نشین)[1]یش وشەیەکە، کە بریتییە لە فۆڕمێکی گۆڕڕاوی چاووگی (نیشتن/دانیشتن)، کە بە مانای شوێن یان جێگە دێت وەک: گوندنشین، سەحرانشین،... بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە و جوانییەکی تایبەتی بەم وشەیە بەخشیوە شێوەی بەکارهێنانیەتی لە شیعرەکاندا، شاعیر لە بەکارهێنانی ئەم وشەیەدا بە لادانێکی تری هونەری داهێنانی کردووە، چونکە وشەکە خۆی ئاماژە بۆ دڵ دەکات وەک شوێنی حەوانەوە و کۆبوونەوەی خۆشەویستان، بەڵام شاعیر بە شێوازی جیاواز بەکاری هێناوە، وەک:

دەنگی دڵنشین: هەستدەکەم ئەو دەنگە دڵنشینەی ... (ل٦)

ژنی دڵنشین: ژنێکی دڵنشین (ل ١٠) ئەو دەبێتە ژنێکی دڵنشین (ل١٢)

چپەچپی دڵنشین: چپەچپی دڵنشینی (ل١٥)

بیرەوەری دڵنشین: ئەو بیرەوەرییە دڵنشینانەت (ل٢٧)

ئێوارەی دڵنشین: لە ئێوارەیەکی دڵنشیندا (ل٢٩) لەم ئێوارە دڵنشینەدا (ل٩٤)

[1] - نالی لە شیعرێکیدا ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، لەلای نالی (نشین + گە) بەکارهاتووە و وشەی (نشین) بووەتە وشەی سەرەکی، کە لەگەڵیدا پاشگری (گە) بەکارهاتووە، وەک دەڵێ: بۆ نشینگەی مورغی ڕوحی ئەو کە عالی فیترەتە – جێگەیە خۆشتر لە ڕەوزەی جەنەتولمەئوا نەبوو (نالی،١٩٧٨، ٣٧٣)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

ڕووناکی دڵنشین: ئەم هەموو ڕووناکییە دڵنشینەی (ل٥٦)

هەریەک لەم دەربڕینە شیعرییانە جوانییەکی ناوازەیان تێدایە و هەریەکێکیان بۆخۆیان وێنەیەکی هونەریی جوان دەنوێنن، (دەنگی دڵنشین) دەنگێکە لە عیشق و خۆشەویستییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو دەنگە خۆش و ئارامبەخشەیە، کە مرۆڤ بە بیستنی چێژ وەردەگرێت و ئارام دەبێتەوە و هەمیشە حەزدەکات گوێی لێبێت و هەرگیز لێی بێزار نابێت. (ژنی دڵنشین): ئەو ژنەیە کە دەبێتە هەوارگەی عیشق و خۆشەویستیی بۆ پیاو، دەبێتە پەناگەی ئارامی حەوانەوە، کە مرۆڤ هەمیشە تامەزرۆیە بۆی و حەزدەکات بەتاسەوە بۆی لای بگەڕێتەوە ، ئافرەت کاتێک دەبێتە ئەم شوێنە کە تژی بێت لە عیشق و خۆشەویستی و جوانی باڵا، جوانییەک، کە لە هەموو بارودۆخێکدا چێژ بەخش بێت، وتراوە لە پشت هەر پیاوێکی مەزنەوە ژنێک هەیە، شاعیریش دەڵێت: (لە پشتی هەموو پیاوێکی ڕووناکەوە ژنێک هەیە)، (محەمەد کوردۆ، ٢٠٠٨، ٥٦) ئێمەش دەڵێین: لە پشت هەر پیاوێکی خۆشبەختەوە ژنێکی دڵنشین هەیە.

سەبارەت بە (چپەچپی دڵنشین) ئەو چپە چپەیە ئارامی بە ڕووح دەبەخشێت و سەرتاپای جوانییە و دیمەنێکی سەرنجڕاکێشیشی هەیە، مرۆڤ حەز بەم چپەچپە دەکات بە پێچەوانەی چپەکردنی ئاساییەوە، کە دیاردەیەکی ناشرینە، تەنانەت ئاینی ئیسلامیش ڕێگری لێدەکات، چونکە دەبێتە هۆی دڵکرمێ بوون و ڕق و دووبەرەکی و گومانی خراپ بردن. هەروەها (بیرەوەری دڵنشین) ئەو بیرەوەرییانەن کە ساتە خۆشەکانی ژیانمان بیر دەخەنەوە، ئەو بیرەوەریانەی چێژ و خۆشیمان پێدەبەخشن و ژیانمان لا جوانتر دەکەن و هیوامان پێدەبەخشن و لەبیرکردنیان ئەستەمە. (ئێوارەی دڵشین) ئەو کاتەیە تێیدا کاتەکانمان بەخۆشی بەسەردەبەین و پڕە لە جوانی و ڕازاوەیی و ئاسوودەیی و کامەرانی، ئەم ئێوارەیە جیاوازە لە ئێوارانی ئاسایی، چونکە لەم ئێوارەیەدا خۆشی و شادی، زەردەخەنە و پێکەنین، جوانی و چێژوەرگرتن تەواوی کاتەکە دادەپۆشن و دەبنە مایەی شادمانی مرۆڤەکان. (ڕووناکی دڵنشین) ئەو ڕووناکییەیە کە هەمیشە تەماشای بکەین، چاومان تامەزرۆی بینینیەتی و هەرگیز چاومان ئازار نادات، ئەم ڕووناکییە ئاسوودەمان دەکات.

ئەم دەربڕینانە لەگەڵ ئەوەی خۆیان دەستەواژەیەکی پڕاوپڕ لە جوانین، لەهەمان کاتدا بەشدارییان لە پێکهێنانی وێنەیەکی گەورەتری جوانی هونەرییدا کردووە، کە کۆپلە شیعرەکە بەرجەستەی کردووە، چونکە شاعیر وێنەکێشە بەڵام نەک بە ڕیشە و ڕەنگ بەڵکو بە وشە (ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٩، ١٣٨)، شاعیر بە وشە داهێنان دەکات و جوانییەکانمان پێشکەش دەکات و وێنە هونەرییەکانیش ڕازاوەتر دەکات، بەمەش زیاتر توانا و دەسەڵاتی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت لە ئەفراندنی جوانیدا. شاعیر دەڵێ:

زۆرجار کە ئێواران دێ

هەر لەخۆمەوە

هەست بە خەمبارییەکی زۆر دەکەم



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

هەستدەکەم ئەو هاژە هاژە شینەی

لە ئاوی ڕووباران دێ

هەستدەکەم ئەو دەنگە دڵنشینەی

لە لەرینەوەی داران دێ

حەسرەتەکانی مرۆڤم بیردەخەنەوە... (٦-٧)

ئیمە پێشتر باسی دەنگی دڵنشینمان کرد، لە شیعرەکەشدا هەمان ئاماژە دەگەیەنێت، چونکە دەنگی لەرینەوەی دار و دەوەن بەهۆی کزەبای ئێوارانەوە جوانییەکی ناوازە بە سروشت دەبەخشێت و مرۆڤ چێژی لێوەردەگرێت. بەڵام ئەوەی ئیستاتیکای ئەم کۆپلە شیعرە باڵا دەکات ئەوەیە، کە شاعیر ئەم دەنگە خۆش و هەستبزوێنە خەمباری دەکات و دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئازار و نەهامەتییەکانی مرۆڤ، واتە ئەوە ئازارەکانی مرۆڤە ئەم دەنگە دڵنشینە دروستدەکات. لێرەدا شاعیر پارادۆکسی لە نێوان (دەنگی دڵنشین - خۆشی) و (حەسرەتەکانی مرۆڤ - ناخۆشی)دا کردووە و وێنەیەکی هونەری جوانی لێیان پێکهێناوە.

هەروەها شاعیر لە شیعری (دار)دا دیسانەوە وشەیەکی بەکارهێناوە، لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا نییە، ئەویش وشەی (چاودەدەم)ە، کە لەبری وشەی (سەیرکردن – چاودێری کردن) بەکارهێنراوە، کە ئەمەش زیاتر سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و قوڵی بە واتا و ناوازەیی بە جوانییەکەی بەخشیوە، جگە لەوەی مۆسیقای شیعرەکەشی پێ دروستکردووە. وەک دەڵێت:

لەناو هەموو دارەکانی ئەم وڵاتەدا

دارێکی نەشمیل چاودەدەم

دەیکەم بە تۆ و

لەبری مەمکە نازەنینەکانت

بە گەڵا نازدارەکانی ئەو

دڵ و

گیان و

بوونم زاخاو دەدەم (ل٦٦)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

هەروەها شاعیر لە شیعری (وێنە)دا لەڕێگەی لادانی وشەییەوە وێنەیەکی قووڵی عیشقیی بۆمان کێشاوە، وەک دەڵێت:

چەند خۆشە!

خودایە

چەند خۆشە!

ئەو ڕۆژەی کە من و

ئەو ژنە گەردن کەوە

لەناو هەموو وێنەکاندا:

مێژوومان تورهەڵداوە و

دەستمان لە ملی یەک وەرێناوە و

گەرمتر لە گشت بوونەوەرەکانی دنیا

چووینەتە باوەشی یەکەوە!! (ل ١٠٢-١٠٣)

ئەم کۆپلە شیعرە سەرەتا بە دووبارەکردنەوەی دووجاری (چەند خۆشە!) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بە دڵنیاییەوە ساتێکی پڕ لە خۆشییە بەلای شاعیرەوە، هەروەها فڕێدان و پشتگوێ خستنی مێژوو ئاماژەیە بۆ تێپەڕاندنی خەم و ناسۆرییەکانی ڕابردوو و بەقووڵی باوەشکردن بە خۆشییەکانی ژیان و عیشق و خۆشەویستیدا. ئەم دوو عاشقە بەجۆرێک دەستیان لە ملی یەک وەرێناوە، کە تەنها بە جەستە نییە، بەڵکو بە دڵ و بە گیان و بە جەستە ئاوێتەی یەکتر بوونە؛ ئاوێتەبوونێک کە لە سەرجەم بوونەوەرەکانی دنیا خۆشبەختتر و ئاسوودەتری کردوون.

یەکێکی تر لەو لادانە زمانیانەی شاعیر گرنگی پێداوە (پاش و پێش خستن)ە، کە یەکێکە لە هونەرە ئیستاتیکییەکانی شیعر بە تایبەتی شیعری نوێ. شاعیر گرنگی پێ دەدات و شیعرەکەی پێ دەوڵەمەند دەکات و جوانی و ئیستاتیکای پێ دەبەخشێت. هەروەها توانای شاعیر دەردەخات لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان و بەکارهێنانەوەی کەرەستەکانی زمان بەشێوازێکی هونەرییانە. شاعیر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا دەکات و بە مەبەست پاش و پێش خستن ئەنجامدەدات، بۆ ئەوەی گونجانێکی هونەریی لەنێوان وشە و ڕستەکاندا دروستبکات و بەهایەکی ئیستاتیکی بە شیعرەکەی ببەخشێت، هەروەها لە ئەنجامی ئەم پاش و پێش خستنەشدا شێوازێکی نوێی جیاواز لە قسەی ئاسایی دێتە ئاراوە، کە دەبێتە هۆی گەیاندنی پەیامەکانی شاعیر بەشێوازێکی جیاواز و تایبەت، چونکە ((دیاردەی پاش و پێش خستن


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

لە گرنگترین دیاردەکانی لادانە لە پێکهاتەی زمانیدا، کە لە دەقدا ئامانجی واتایی و ئیستاتیکی و دەروونی بەدەست دێنێت))(خلیجە جلودی و عائشە دریدی، ٢٠١٦ ، ٢٤)

شاعیری نوێخواز گرنگی بە پاش و پێش خستن دەدات و لەم ڕێگەیەوە باڵادەستی خۆی بەسەر زماندا دەسەلمێنێت و ڕستەکان بە شێوازی خۆی دادەڕێژێتەوە، کە ((داڕشتنەوەیان بەم جۆرە، جوانییەک بە ڕستەکە دەبەخشێ، واتە لەڕووی ئیستاتیکاوە پاش و پێش کردنی وشەکان بەهایەک بە ڕستەکە دەبەخشن و ئەو جوانییەی لەم جۆرەدا بە ڕستە دەبەخشرێ، هەرگیز لە ڕیزکردنی وشە لەسەر بنچینەی ڕێزمانی ئەو جوانییە بەرچاو ناکەوێت))(پەخشان عەلی، ٢٠٠٩ ، ٢٣٢)

پێشخستنی وشە و زاراوە: پێشخستنی وشە یان زاراوەیەک لای شاعیر، نیشانەی گرنگیدانی زیاتری شاعیرە بەو وشەیە و جەختکردنەوەی زیاترە لێی، کە ئەمەش ناوەرۆکی دەقەکە دەوڵەمەند دەکات و دەکرێت خوێندنەوەیەکی جیاوازی بۆ بکرێت. شاعیر (محەمەد کوردۆ) لەشیعرەکانیدا ئەم جۆرە لادانەی بەکارهێناوە، کە بەهۆیەوە ڕەهەندێکی ئیستاتیکی و هونەریی بە شیعرەکەی بەخشیوە، وەک لەشیعری (لە چاوەڕوانی هەڵوەریندا) دەڵێت:

لەم ئێوارە دڵنشینەدا

کە سروشت، دەڵێی ژنێکی نازەنینە

ژنێک،

دەست و پەنجەی سەوز .. و

پرچی زەرد.. و

چاوەکانی شینە!(ل٩٤)

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا لەڕێگەی پێشخستنی (لەم ئێوارە دڵنشینەدا) و ئامرازی (کە)وە، جگە لەوەی دەیەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ئێوارەیەکی ئارام و خۆش و دڵڕفێنە، لە هەمانکاتدا پێشمان دەڵێت: سروشت لەوپەڕی جوانیی و ناوازەیی و سەرنجڕاکێشیدایە، سروشت لە ژنێک دەچێت لە جوانیدا کەس ناتوانێت شان لە شانی بدات. ئەم پێشخستنە بووەتە هۆی ئەوەی وێنە هونەرییەکە جوانتر و ئیستاتیکیانەتر بێت. هەروەها شاعیر لەشیعری (ژنێک، کە دەمزانی ئێوارانێک دێت) وشەی (ئێوارانێ)ی پێشخستووە، کە جگە لەوەی جەختکردنەوەیە لە کاتەکە، لەهەمانکاتدا وێنە هونەرییەکەشی جوانتر کردووە، وەک دەڵێت:

ئێوارانێ، ژنێک

دێت و لەژێر ترپەی پێیدا



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

زەمین دەچێتە نێو خەونەوە

زەمین لە خۆشی هاتنی ئەو

بۆنی بەختەوەری

لەخۆیی و لە هەناسەی دێ! (ل١٦)

هەروەک چۆن پێشخستنی وشە ڕەهەندی ئیستاتیکیی و واتایی هەیە، بەهەمان شێوەش دواخستنی وشە و زاراوەش دەبێتە مایەی بەرجەستەکردنی جوانیی و بەخشینی واتای جیاواز بە دەقی ئەدەبی. ئەگەرچی هەندێکجار ئەم هونەرە لەپێناو بەخشینی ئاواز و ڕیتمێکی جوانە بە شیعر، کە ئەمەش بەشداریکردنێکی گشتییە لەپێناو داهێنانی هونەری و ئیستاتیکای دەقدا. شاعیر لە چەند شوێنێکدا دواخستنی وشەی کردووە، کە زیاتر لەپێناو ئاوازی گشتی شیعرەکەیدا بووە، وەک لە شیعری (ئەوانەی شەو بەبێ عەشق سەردەنێنەوە)دا دەڵێت:

ئەی خوای مەزن

ئاخۆ ئەوەی بەبێ عەشق دەژی

<u>چۆنە ژینی؟</u>

کێ لە شەوانی پڕ خەمدا

دەست دەخاتە نێو قژییەوە و

سینگی بە سینگییەوە دەنوسێنێ و

دەبێتە هاوسەرینی (ل٨٥)

هەروەها شاعیر لە شیعری (شاژنی نێو ئەفسانەکان)یشدا لە دوو شوێندا لەپێناو بەخشینی ئاوازێکی گشتگیر بە دەقە شیعرییەکەی؛ دواخستنی وشەی ئەنجامداوە و وشەی (ئالآ)ی دواخستووە، کە ئەم ئاوازە گشتییەی دەقەکە ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای گشتی شیعرەکەدا، وەک دەڵێت:

ژنێکی جوان

لەشێوەی شاژنەکانی نێو ئەفسانە و

نێو خەون و خەیاڵا


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

...

وتی:

ئەی غەمگینترین پیاوی سەر ئەم گۆی زەمینە

تۆ کە لە وڵاتێکی بێ ئاڵا دەچیت

من بۆ خۆت بکە بە ئاڵا (من بکە بە ئاڵا بۆ خۆت)

...

ئای من دواتر تێگەیشتم

چەند ناخۆشە وڵاتێک بیت بێ ئاڵا (چەند ناخۆشە وڵاتێکی بێ ئاڵا بیت) (ل٧٦-٧٧)

(کرتاندن)یش یەکێکە لە لادانە زمانییە کاریگەرەکان، شاعیر دانەیەکی زمانی یان زیاتر لە ڕستە شیعرییەکەی لا دەبات، ئەمەش بۆ ئەوەی جوانییەکی زیاتر بە شیعرەکەی ببەخشێت و بواری لێکدانەوە بۆ پەیامەوەرگریش فراوانتر بکات، هەروەها یەکێکیشە لە شێوازە باوەکانی کورتبڕی. هەر بۆیە شاعیری داهێنەر پەنای بۆدەبات و لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی دەکات. ((جێگای باسە دیاردەی "سڕینەوە – الحذف" لە پێکهاتەی ڕستەدا دەبێتە هۆی بەخشینی جوانی هونەری لە دەقەکاندا، ئەمەیش بەهۆی ئەو کەلێنە واتاییانەوە دەبێت کە لە نێوانیاندا دروستی دەکات بۆ ئەوەی خوێنەر بە دەوری خۆی هەڵبستێت و سەبارەت بە پڕکردنەوەی ئەم کەلێنانە، کە ئەم کارەی خوێنەریش بەشێک دەبێت لە داهێنانی هونەری))(عەبدوڵڵا خزر حەمەد، ٢٠١٨، ١٧٩)

لابردنی بکەر: یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی دەرنەکەوتنی بکەرە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، کە بەهۆی جێناوە لکاوەکانەوە هەستی پێدەکرێت و دەناسرێتەوە. محەمەدی مەحویی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئاخێوەرانی زمانی کوردی دەتوانن لەڕستەکانیاندا بکەر بەکارنەهێنن و ڕستەکانیشیان تەواو و بێ کەموکوڕی بن (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١، ٢٣٨) هەرئەمەش وایکردووە شاعیرەکەمان لە شیعرەکانیدا پەیڕەوی ئەم بنەمایەی زمان بکات، هەندێکجاریش لابردنی بکەر جوانی و ڕەوانی بە شیعرەکە بەخشیوە. شاعیر لە شیعری (تەوقە)دا دەڵێ:

(تۆ) دەزانی کاتێ تەوقە دەکەین

(من) لێوم لەنێو پەنجەکانمدایە و

(من) لەڕێگەی پەنجە نازەنینەکانتەوە

(من) ماچبارانت دەکەم



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

(تۆ) دەزانی هەموو جارێ

(من) دەستنوێژەکەت دەشکێنم و

(من) فێری نوێژی بێ دەسنوێژی

دڵدارانت دەکەم (ل ٨٣-٨٤)

کاتێک سەیری ئەم کۆپلە شیعرەکە دەکەین؛ دەبینین (بکەر) لە حەوت جێگە لابراوە، کاتێکیش دەیخوێنینەوە (بەبێ بکەر) دەبینین وێنەیەکی جوانی هونەرییە، هیچ کەموکورییەکی نییە و واتاکەیشی بە تەواوی گەیاندووە، ئەگەر (بکەرەکان) لە شیعرەکەدا هاتبان؛ ئەوا هیچ شتێکیان زیاد نەدەکرد، تەنانەت لە جوانی شیعرەکەیان کەمدەکردەوە.

لابردنی کار: گرنگی خۆی هەیە لە پێکهێنانی جوانی و ئیستاتیکای دەقدا و زۆرجار شاعیر بە وریاییەوە ئەنجامی دەدات، چونکە لابردنی کار لە زمانی کوردیدا دەبێتە هۆی بەخشینی سیفەتی بەردەوامی بە دەقەکە، ئەمەش لەبەرئەوەی کار ڕەهەندی کاتی لەخۆیدا هەڵگرتووە و ئاماژە بۆ دەمەکانی ڕابردوو یان ئێستا و ئایندە دەکات و بە لابردنیشی سیفەتی بەردەوامی دەدرێت بە شیعرەکە. شاعیر دەڵێ:

دەبێ هەر ئێستا هەستی

بەرگی خەمناکی فڕێدەیت

لەگەڵ مندا،

شایی و هەڵپەڕکێ دابەستی ...

ئای چەن خۆشە

هەڵپەڕکێ لەگەڵ ژندا؟! (ل٦٩)

شاعیر لەم شیعرەدا پاش ئەوەی داوای ئەوە دەکات پێویستە بەرگی خەموخەفەت فڕێ بدرێت و دەست بە ژیان و چێژ وەرگرتن لە ژیان بکرێت، ئەویش بە چوونە ناو شایی و هەڵپەڕکێوە. لە کوردەواریدا شایی و هەڵپەڕکێ چێژ و خۆشییەکی زۆری هەیە؛ بەتایبەتی ئەگەر ژنان تێیدا بەشداربن. شاعیر لە دێڕی کۆتاییدا هاوکێشەیەکمان بۆ دەخاتەڕوو کە بریتییە لەوەی (هەڵپەڕکێ لەگەڵ ژندا) بەدەر لە کات و شوێن و سەردەم؛ هەمیشە پڕە لەچێژ و خۆشی و کامەرانی.

دووبارەکردنەوە یەکێکی ترە لە تەکنیکە کاریگەرە ئیستاتیکییەکان. دووبارەکردنەوە لادانە لە بنەڕەتی زمانی ئاسایی و هونەرێکی بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای شیعرە، شاعیر لەپیناو جوانترکردنی شیعر و چێکردنی ئاوازێکی ناوازە و تایبەت و پێدانی واتایەکی قووڵ بە دەقی شیعرەکەی پەنای بۆدەبات. دووبارەکردنەوە ((لادانێکی دەنگی و هونەرێکی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

سەرەکی بونیاتی گشتی مۆسیقای شیعرە ... سەرتاپای ڕووبەری دەق دەگرێتەوە و لەسەر ئاستی ستونی و ئاسۆیی، هەروەها لە بچوکترین پێکهاتی دەق دەق دەست پێ دەکات کە دەنگە، هەتا وشە و گرێ و ڕستە و نیوەدێڕ و دێڕ و کۆپلە، بەم جۆرەش ڕەهەندێکی ئیستاتیکی لە خۆیدا دەنوێنێت))(سافیە محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٣، ٢٤٥-٢٤٦) هەروەها شاعیر بە وریاییەوە وشە و زاراوەکان هەڵدەبژێرێت و بە ئاگاییشەوە لادانەکان پەیڕەو دەکات، چونکە ((دووبارەبوونەوە پەیوەندییەکی بەتین و بەناویەکداچووی بەلایەنی جوانی و ئیستاتیکای دەنگ و وشە و دەستەواژە و ڕستەکان هەیە، ئەم شێوە دەربڕینە کار لە هەست و سۆز و لایەنی دەروونی دەکات و پێگەی زمانیش لەم نێوەندەدا بەرز ڕادەگرێ و دەبێتە هۆکارێک تا لە زمانە سادەکە دوورکەوێتەوە و توانای نووسەر بۆ یاریکردن بە وشە و دەستەواژە لە زماندا بەدەردێخێ))(هێمن عومەر خۆشناو،٢٠١٠، ٨٤-٨٥)

دووبارەبوونەوە لە شیعری نوێدا بەپێی سیستەم و بەرنامەیەکی دیاریکراو نییە وەک ئەوەی لە شیعری کلاسیکدا هەبووە، بەڵکو بەپێی ویستی شاعیر دەبێت و شاعیر لە هەر شوێنێکدا بە گونجاوی زانی وشە و ڕستە و دەستەواژەکان دووبارە دەکاتەوە، کە ئەمەش دەبێتە شێوازێکی نوێ و جیاوازی شاعیر بۆ گوزارشت کردن و پێشکەشکردنی دەقێکی پڕ لە ئیستاتیکا و چێژ بە پەیاموەرگران. (محەمەد کوردۆ) گرنگی بە دووبارەکردنەوە داوە و لە ڕێگەی ئەم هونەرەوە ئیستاتیکایەکی بەرزی بە بەشێک لە شیعرەکانی بەخشیوە. شاعیر لە شیعرەکانیدا جێناوی کەسی یەکەم بەهەردوو شێوەی (سەربەخۆ و لکاو)ی زۆرترین جار بەکارهێناوە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

| جێناوی کەسی یەکەم | ژمارەی بەکارهێنان |
|---|---|
| جێناوی کەسی یەکەمی سەربەخۆ (من) | ٨٠ جار |
| جێناوی کەسی یەکەمی لکاو (م) | ٢٥٨ جار |

ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە شاعیر لە شیعرەکانیدا باسی لەخۆی کردووە، باسی لە خۆشی و ناخۆشی و خەم و ئازار و کۆژانەکانی خۆی کردووە، شیعرەکانی ڕۆمانتیکییانەی تەڕ و پاراون، جوانی و ڕازاوەییان تێدایە، گوزارشتێکی داهێنەرانەی هونەرییانەیە لەباروودۆخی ژیانی شاعیر بەتایبەتی و پیاوانی کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەکی گشتی، شاعیر لە شیعری (ژنێک کە نەمدەزانی کێ بوو؟) دەڵێ:

ڕۆژێکیان چاوم لێ بوو

شاژنێکی نازەنین

کە نە ناویم دەزانی ..و

نە ئاینیم دەزانی ..و



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

نه دەمیزانی کێ بوو؟

چووه دوکانی ئاوێنه فرۆشێکەوه

من لەخۆشی ئەو ژنه

زۆر له خودا پاڕامەوه

تا کردمی به ئاوێنەیەکی گەوره (١٧–١٨)

کاتێک سەیری ئەم کۆپله شیعره دەکەین ئەو حەز و خولیا و ئارەزووانه دەبینین له شیعرەکەدا شاردراونەتەوه، ئەگەرچی له ڕواڵەتدا گوزارشت له شاعیر دەکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕەهەندێکی قوڵتریان لەخۆ گرتووه و دەشێ ئەو (من – م)ه هەر پیاوێکی کۆمەڵگه بێت.

شاعیر له شیعری (ژنێک، با پرچی تاتا دەکاتەوه)دا پازدەجار وشەی (دڵ)ی دووبارەکردووەتەوه:

لەناو ئاپۆرایەکی گەورەدا

که پڕه له ژاوەژاو

ژنێکی دڵنشین

هێدی هێدی دەڕوا و

کزەبایەکی خەمگین

پرچی تاتا دەکاتەوه

کاتێ به تەنیشتی مندا تێدەپەڕێت

وەک ئەوەی ئاگای له دڵم بێت

که چۆن له خۆشی ئەو

خەریکه دەبێته ئاو

چەند جارێک لا دەکاتەوه!

لەناو خەیاڵی مندا:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

دڵی ئەو دەبێتە کیژۆڵەیەکی نەشمیلانە

دڵی خۆشم

کوریژگەیەکی قژخاو

هێشتا دڵی من

بە تەواوی لە دەرگای نەداوە

دڵی بێئۆقرەی ئەو، دەرگا دەکاتەوە!

دڵی من داوای ماچ دەکات و

دڵی ئەو گوێی خۆی لێ دەخەوێنێت

دڵی من وەکو شێت

خێرا خێرا، داوا دەکاتەوە!

دڵی ئەو زۆر زۆر منداڵانە

تا ئەوسەری بەرائەت هەڵدێت

لەوێ دەترسێت ون بێت

زۆر بە پەلە و پرتاو

بەرەو لای دڵی من ڕادەکاتەوە

باوەش دەکەن بە یەکتردا

ئەمجارەیان

دڵی ئەو دەبێتە ژنێکی دڵنشین

دڵی منیش پیاوێکی داگیرساو

ئەوەتانێ ئێستاش

دڵی ئەو لە باوەشی دڵی مندایە و




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

کزەباکەش بەردەوام

پرچی تاتا دەکاتەوە!! (ل١٠، ١١، ١٢)

شاعیر بەم دووبارەکردنەوەی وشەی (دڵ)ە جەخت لەوە دەکاتەوە کە عاشقە و بە بینینی ژنێک مەست بووە و کەوتووەتە ناو خەیاڵەوە، ئەم شیعرە تابلۆیەکی سەرنجڕاکێشی هونەرییە، شاعیر وێنەیەکی هونەری جوان و ڕازاوەی نەخشاندووە، چونکە کاتێک مرۆڤەکان ناتوانن یەکتر بدوێنن، ئەوا دڵەکان ئەو کارە دەکەن و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش یەکتر دەدوێنن، تا لە کۆتاییدا ئاوێزانی یەکتر دەبن و خەم و کۆڤانی یەکتر دەڕەوێننەوە. سەرەتای ئەم عیشقە بە یەکتر بینینێکی سادە دەست پێدەکات، حەز و خۆشەویستییەکی ساکار و پڕ لە گومانە، کە لە داواکاری حەزە جەستەیی و کاتییەکاندا خۆی دەنوێنێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەم خۆشەویستییە قووڵتردەبێتەوە و دەگاتە پلەی عیشقی هەمیشەیی، هەروەها پێکەوە گونجاندنی پارادۆکسی نێوان (ژنێکی دڵنشین – ئارام) و (پیاوێکی داگیرساو – نائارام) هێندەی تر تابلۆ هونەرییەکەی ڕازاوەتر کردووە، ئەم دوو دژە ئاوێزانی یەکتر دەبن و کەشێکی پڕ لە ئارامی و ئاسوودەیی پێکدەهێنن، کە (کزەبا) و (تاتا بوونی پرچی یار) گوزارشتی لێ دەکەن.




شاعیر گرنگییەکی زۆری بە وشەی (دڵ) داوە و (٧٩) جار ئەم وشەیەی بەم شێوانە (دڵ، دڵنشین، دڵدار، دڵگەرم، دڵشکاو ) بەکارهێناوە. شاعیر بە مەبەست و بە گرنگییەوە لەم وشەیەی ڕوانیوە و چەندین دەربڕینی ئیستاتیکی و وێنەی هونەری لێ پێکهێناوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

شاعیر وشەی (ژن)یشی (٧١) جار بەم شێوانە (ژن، شاژن، بێوەژن) بەکارهێناوە، ئەمەش بەڵگەی گرنگی پێدانی شاعیرە بۆ ئەم وشەیە. شاعیر لە چاوپێکەوتنێکدا باس لە گرنگی ژن دەکات لە شیعرەکانیدا و لە وەڵامی پرسیاری (ئەگەر شیعرێکت نووسی و تیایدا پاڵەوانێکت دروست کرد دەیبەخشیتە کێ؟)دا دەڵێت: ((ئەگەر پاڵەوانەکە ژنێکی جوان بوو دەیبەخشمە خۆم و ئەو وتەیە بیری خۆم دەهێنمەوە کە دەڵێت: پیاو دەتوانێت ژنێکی جوان لە هەموو پیاوەکانی دنیا بپارێزێت، لەخۆی نەبێت، ئەگەر ژنێکی جوانیش نەبوو دروستی ناکەم)) لێرەدا شاعیر تەنها ئاماژە بە ژنی جوان دەدات، بەڵام لە شیعرەکانیدا ئەم جوانییەی ژن ڕووندەکاتەوە، کە تەنها ڕواڵەتی جوان نییە، بەڵکو:

ڕواڵەتی جوانە، وەک دەڵێت:

ئەی ژن کاتێ

مانگ شەرەفی بەراوردی،

لەگەڵ تۆدا بەردەکەوێ...

ئاو دەزێتە هەموو گیانی و

با پەرچەمی شانە دەکا و

ژیانی لەسەر دەردەکەوێ! (ل١١٥)

دەم بە پێکەنین و قسە شیرینە، وەک دەڵێت:

لە ئێوارەیەکی دڵنشیندا

ژنێکی دەم بە پێکەنین

دەستی خستە نێو دەستمەوە و

وەکو دارێک، ڕوحی ڕاوەشانم!(ل٢٩)

دڵنەرم و میهرەبانە، وەک دەڵێت:

دڵی من چرایەک بوو

لەناو تەنیاییەکی کوشندەدا

خەریکبوو دەکوژایەوە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

بەر لە کوژاندنەوەی بەچەند چرکەیەک

دڵی ژنێکی میهرەبان

هات بە هانایەوە (ل٨)

پەرۆش و خەمخۆرە، وەک دەڵێت:

ژنەکە لە نەغمەیەکی غەمباردا

بە منداڵەکەی وت:

نەکەی!

کێ دەڵێ ڕوحی پیاوێکی سەرگەردان نییە

لە وڵاتێکی پڕ لە ئازاردا

پەناگەیەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە

تاوێک خۆی تێدا حەشاردا؟ (ل٢١)

ئارامی بەخشە، وەک دەڵێت:

ئێوارانێ، ژنێک

دێت و لەژێر ترپەی پێیدا

زەمین دەچێتە نێو خەونەوە

زەمین لە خۆشی هاتنی ئەو

بۆنی بەختەوەری

لەخۆیی و لە هەناسەی دێ! (ل١٦)

شاعیر بەمشێوەیە زۆرترین جار وشەکانی (من، م"پیاو" و ژن و دڵ)ی بەکارهێناوە، کە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهێنانی عیشقی (پیاو و ژن)ن و (دڵ)یش شوێنی ئاسوودەیی و ئارامی ئەم عاشقانەیە، زۆرجاریش ماچ دەبێتە وێستگەی ئاوێزانبوونی ئەم عاشقانە. هەربۆیە شاعیر لە شیعری (ماچ)دا بەناونیشانەوە حەوت جار وشەی (ماچ)ی دووبارەکردووەتەوە، کە ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا باس لە (ماچکردن) دەکات، بەڵام لە واتای قوڵی شیعرەکەدا هەست بەو



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

ئەڤین و خۆشەویستییە دەکرێت، کە لەنێوان ئەم دوو خۆشەویستەدا هەیە، ئەو ئەڤینەی ژیان ئاڵوواڵا و جوان دەکات و ژیان بەبێ ئەم ئەڤینە هیچ بایەخێکی نامێنێت و تاموچێژی خۆی لەدەستدەدات. وەک دەڵێت:

وتت بۆ بێ ماچم دەکەی؟

وتم کوا بێ ماچم کردووی؟

کە پێکەوەین

لەجیاتی یەک یەک ماچتکەم

دوو دوو سێ سێ ماچم کردووی

کە داشدەبڕێین

بەلێوی دڵ ماچت دەکەم

تەنها ئەمشەو

بەشی عومرێ ماچم کردووی!! (ل١٢١)

بەگشتی دەتوانین بڵێین: محەمەد کوردۆ زۆر بە وریاییەوە لادانە زمانییەکانی بەکارهێناوە، هەر لادانێکی زمانیی لەشوێنی گونجاوی خۆیدایە و شیعرەکانیان پاراوتر کردووە، شاعیر ئەم لادانە زمانیانەی کردۆتە وێستگەی داهێنان و ئەفراندنی جوانیی و بەرجەستەکردنی ئیستاتیکا، ئەو وێنە هونەریانەی لە ڕێگەی ئەم لادانانەوە دروستکراون لە لوتکەی ڕازاوەییدان، هەر ئەمەش وایکردووە شیعرەکان چێژی تایبەتییان هەبێت و خۆشی بە خوێنەر ببەخشن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

# ئەنجام

لە توێژینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- لادان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پێکهێنانی ئیستاتیکای دەقی شیعریی و شاعیر بۆ دروستکرنی زمانێکی تایبەت بە خۆی پشتی پێدەبەستێت، کە شاعیر سەرکەوتووانە ئەم کارەی کردووە.

2- محەمەد کوردۆ لە (ژەنەڕاڵی خۆشەیستی)دا گرنگییەکی زۆری بە ئیستاتیکا و گەیاندنی چێژوخۆشی دەق داوە، بەتایبەتی لەڕێگەی لادانەکانەوە.

3- ناونیشانی کۆمەڵە شیعرەکە و بەشێک لە ناونیشانی شیعرەکانیش بە ئاگاییەوە هەڵبژێردراون و بەشێوەیەکی ئیستاتیکی داڕێژراون و لەمەشدا پشت بە لادانی زمانیی و لادانی واتایی بەستراوە.

4- شاعیر گرنگییەکی زۆری بە لادانی زمانیی داوە و بەشێکی زۆری ئیستاتیکای دەقەکانی لە ڕێگەی ئەم جۆرە لادانەوە بەرجەستە کردووە.

5- شاعیر لەڕێگەی زۆرترین دووبارەکردنەوەی وشەکانی (من-م) و (دڵ) و (ژن)ەوە، ئەو پەیامەی هەیە، کە دڵ سەرچاوەی ڕازونیاز و عیشق و خۆشەویستییە و ژنیش ئیلهامبەخشی شیعر و جوانی و ئەو ڕازونیاز و عیشق و خۆشەویستییەی دڵە.

6- شاعیر بە لادانە زمانییەکان ڕەهەندە واتاییەکانیی قووڵتر کردووەتەوە و ئیستاتیکا و چێژوخۆشی دەقەشیعرییەکانیی فراوانتر کردووە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021

# Language Deflected Aesthetics in the Poetry of (General Love) Muhammed Kurdo

**Aso Omer Mustafa**

Department of Kurdish, College of Education and Language , Charmo University , Chamchamal, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** aso.omar@charmouniversity.org

## Abstract:

Aesthetic is main sort of poetry, during the history the poems have focused on it and in term of concrete this they have tried a lot. Some of the detractors to evaluate the poetry texts they concrete the aesthetic.

in this aspect our paper (Deflected aesthetics in the poetry of general love Muhammed Kurdo) it will attempt to illustrate those language deflected that have been concreted in his poetries.

the research consists of three pivots. The first pivot (poetry´s deflected aesthetic) in general, it describes the concept of aesthetic, poetry, language, deflection and their relation to the construction of text aesthetic. The second pivot (heading aesthetic) this part describe the title aesthetic that have been concreted thru deflect. The third pivot (language deflected aesthetic) language deflected and those aesthetic dimensions in the texts have been described.

the result demonstrated in some points with the references.

**Keywords:** Aesthetic, Beauty, Deflection, Language Deflection, Word Deflection.

# سەرچاوەکان

ئاسۆ عومەر مستەفا(٢٠٠٩)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.

پەخشان عەلی(٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

دلێر سادق کانەبی (٢٠٠٩)، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک.

سافیە محەمەد ئەحمەد(٢٠١٣)، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

عەبدلقادر حەمەئەمین محەمەد، بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

عەبدوڵڵا خزر حەمەد (٢٠١٨)، دیوانی مەحوی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری، چ٤، نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

فوئاد ڕەشید (٢٠٠٧)، دەقی ئەدەبی- ئەدگار – چێژ – بەها، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

محەمەد کوردۆ(٢٠٠٨)، ژەنەراڵی خۆشەویستی، چ١،چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.

محەمەدی مەحویی(٢٠٠١)، ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

هێمن عومەر خۆشناو(٢٠١٠)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

خليجة جلودي – عائشه دريدى(٢٠١٦) ، جماليات الانزياح في قصيدة لا أريد لهذي القصيدة أن تنتهى لمحمود درويش، رسالة ماجستير، جامعة البويرة ، الجزائر.

نور الدين السد، الأسلوبية وتحليل الخطاب، ج١، دارهومة للطباعة والنشر والتوزيع، الجزائر.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(1).paper6 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.1, March.2021